# خەون لە گێڕانەوەی کوردیدا

کارزان عەلی
(دەربەندیخان)

ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین و دیارترین گێڕانەوەکانی ناو ئەدەبیات، نۆڤلێتی (بەدگۆڕان)ی فرانز کافکا بێت، لەو بەرەبەیانەی (گریگۆر سامسا) "بەهۆی خەونێکی ئاڵۆزەوە، کە لە خەو هەڵدەستێت و دەزانێت بووە بە مێروویەکی زەبەلاح".

بۆ ئەوەی لە خەونەکانی ناو گێڕانەوەی ئەدەبی تێبگەین، پێویست دەکات بە گشتی پێناسەی خەون بکەین، بۆ ئەمەش پشت بە هەمان پێناسەکەی (سیگمۆند فرۆید) دەبەستین، کە هەوڵی ئەوەی داوە بە تیۆر و لێکدانەوەی زانستی، خەونەکان لێک بداتەوە.

لەم بارەیەوە فرۆید لە پێناسەکردنی خەون و لە کتێبی بەناوبانگی (لێکدانەوەی خەونەکان) دا لە بەشی حەوتەم و لەژێر ناوونیشانی (سایکۆلۆژیای کردەکانی خەون)دا دەنووسێت «لێکدانەوەی خەونەکان بریتییە لە ڕێگەیەکی شاهانە بۆ زانین و دەرخستنی چالاکییەکانی نەست». (فروید، تفسیر الاحلام. لا ٥٠٤).

هەروەها لە شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی دیکەی خەون لای فرۆید، (ئانتۆنی ئیستۆپ) لە کتێبی (نەست لە دەروونشیکاری فرۆید و لاکان)دا، دەنووسێت "دوو شێوازی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی خەونەکان و پەیبردن بە ئارەزووی شاراوەی ناو حیکایەتەکە بوونی هەیە. یەکەمیان لەبەرچاوگرتنی خەونەکەیە لە ڕەوتی

ژیانی خەوبینەکەدا. دووەمیان خەونەکان بە فۆرمێکی گشتی کۆتاییان دێت". (ئیستۆپ، نەست، لا ٧٤ و ٧٥)، دواتر دەگاتە بەرئەنجامی ئەوەی کە " خەونەکان بەرهەمی گۆڕین و وەرچەرخانی بیرێکن بۆ ئەزموونێک، یان بۆ ئەو شتەی فرۆید لە جێگەیەکی تردا پێی دەڵێت نواندنەوەی شت". (ئیستۆپ، نەست، لا ٧٥).

وەک لە درێژەی باسەکەدا ڕوونی دەکەینەوە لەم چوار نموونە گێڕانەوەیەی کە وەری دەگرین، خەونەکان تا ئاستێکی زۆر تایبەت و کەسێتین، لەم ڕووەوە دەنووسێت "خەون جیا لە هەر شتێک پێوەندی بە کەسی خەوبینەوە هەیە و یەکێکە لە شوێنەوارە دەروونییەکانی سوبێکت" (ئیستۆپ، نەست، لا ٧٧)، بەڵام نووسەر لەمەش دوورتر دەڕوات و دەنووسێت "خەونەکان بە تەواوی بریتی نین لە نەست، ناوەڕۆکە شاراوەکەش هەر بریتی نییە لە نەست، بەڵکوو ڕێگەیەکن لە ڕێگەکان کە بەهۆیەوە نەست دەدوێت، شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوەن کە بە شێوازێکی تایبەت دەنوێنرێنەوە". (لا ٧٩).

هەرچەندە ئێمە لە شیکاری و دەرخستنی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکاندا، هەوڵ دەدەین وردتر و بە نموونە کار لەسەر ئەم تیۆرە بکەین، بەڵام دوا جار دەتوانین پنتی سەرەکی لەم تیۆرەدا دەستنیشان بکەین کاتێک نووسەر لە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی خەون لای فرۆید دەنووسێت "یەکێک لە ڕێگەکانی نواندنەوەی نەست بریتییە لە هونەر، ڕۆمان، فیلم و ..تاد" (لا ٧٩).

لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەی کوردیدا، چەند نموونەیەکی گرنگ وەردەگرین کە خەون بنەمایەکی سەرەکی گێڕانەوەیە و ڕووداوەکان بەرمەبنای



**بەختیار عەلی**

پاڵەوانی ڕۆمانەکەن کە خەونەکە دەبینێت، بەڵام بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی ئەدەبی پێ بدەین، دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی دەکەین:

**١- ڕەهەندی سیاسی:**

بێجگە لە گرنگییە مێژووییەکەی، نۆڤڵێتی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب کە لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە چەند بەشێک بڵاو دەبێتەوە، یەکێکە لە گرنگترین ئەو گێڕانەوانەی دەکرێت خەون تێیدا ڕەهەندێکی سیاسی قووڵ وەربگرێت، هەرچەندە ئەم ڕۆمانە بە یەکەمین هەوڵی گێڕانەوە لە مێژووی ئەدەبیاتی باشووردا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەون وەک تێمایەکی سەرەکی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. خەونێک کە تا ئاستێکی زۆر وەک سکاڵا و ناڕەزاییەکی گەورە و قووڵ، بەرانبەر دۆخی سیاسی ئەو کاتە دەردەکەوێت، تەنانەت ناوونیشانی خودی ڕۆمانەکەش ئاماژەیەکی بایەخدارە بەوەی لە ڕێگەی خەونەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەی پاڵەوانی

چیرۆکەکە لە ژوورێکی نێوەندی حاکمی شار و خێزانی حاکمەکەدا زیندانی دەکرێت، بە وردی گوێی لە هەموو ئەو کێشە و گرفتانە دەبێت کە زۆرینەی خەڵکی شار گیرۆدەی بوون.

لەبەرئەوە جەمیل سائیب پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بە خەون، چونکە دڵنیایە لەوەی گێڕانەوەی چیرۆکێک بەم شێوەیە، بەدەر نییە لە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیانی تایبەتی خۆی، چونکە "چیرۆکەکە چەندە ئەدەبە، هێندەش سیاسەت و مێژووە، هەرچەندە وەک ئەدەب بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگ و بایەخدارە، هێندەش وەک سیاسەت و مێژوو بە شێوەیەکی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەیدا سەرنج ڕادەکێشێت و ڕەخنەگر ڕاستەوخۆ دەخاتە بەردەم باسوخواسی پلەیەکی مێژوویی ناسک و ئاڵۆزی نەتەوەی کورد" (عارف، لا ١٥).

یەکێکی دی لە گرنگترین ئەو ڕۆمانانەی پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە خەون، یان باشتر بڵێم سەرەتای چیرۆکەکە لەسەر خەونێک بنیاد دەنرێت، ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بەختیار عەلی- یە.

بە جیاواز لە نۆڤلێتی (لە خەوما)، بەختیار عەلی بنیادی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی لەسەر خەونێک هەڵدەچنێت کە تا ئاستێکی زۆر لە ژێر کاریگەری تێمای گێڕانەوەکەی فرانز کافکادایە، ئەویش ئەو کاتەی خەونێک دەبێتە هۆی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە.

پەنابردنی بەختیار عەلی بۆ دروستکردنی دیمەن و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە و سەرەتای دەستپێکردنی بە خەونێک، هەمان گرنگی و بایەخی ڕەهەندە سیاسی و مێژووییەکە تۆختر دەکاتەوە، چونکە (داگیرکردنی تاریکی) گێڕانەوەی خەونێکی ترسناکی ناو سیستمێکی سیاسی ستەمکار و دیکتاتۆرە، خەونێکە هەموو دەسەڵاتداران دەخاتە بەردەم پرسێکی چارەنووسساز و مەترسیدار، ئەویش پرسی نەتەوەیەکی ژێر دەست و مافخوراوە کە بە درێژایی سەدان ساڵ دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام خەونی کارەکتەری سەرەکی لەم ڕۆمانەدا، خەونێکە بەدگۆڕان و زمانگۆڕانی لێوە بەرهەم دێت، خەونێکە لەسەر ئاستی زمان و دیاریکردنی شوناس و چارەنووسدا، بارگۆڕانە بە دیوێکی ترسناک لەناو سیستمە سیاسییە مەنگەکەدا.

نووسەر لە یەکەمین بەشی ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە ڕووداوەکان دەست پێ دەکات " عیسمەت ئۆکتای بەیانی کاتێک خەبەری بووەوە، هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد، ڕۆژێکی ئاسایی بوو.. هەتاو وەک هەموو ڕۆژێکی دیکەی سەرەتای هاوین لە پەنجەرەی نهۆمی خانووەکەیانەوە هاتبووە ناو ژووری نووستنەکە، ژنەکەی ئویزار هانم لە تەنیشتییەوە خەوتبوو" (عەلی، داگیرکردنی تاریکی، لا ٥) نووسەر بەم دەستپێکە ئاماژە سەرەتاییەکانی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

لێرەوە نووسەر کارەکتەرێکمان بۆ دروست دەکات لەمیانی خەونێکەوە و بەهۆی خەوتنەوە، کاتێک بەیانی خەبەری دەبێتەوە، بیری دەچێتەوە بە زمانی زگماکی خۆی قسە بکات، ئەمەش دواجار لە دەوڵەتێکی وەک تورکیادا کە ڕووداوی ڕۆمانەکەی تێدا دەگوزەرێت، هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ سەر شوناس و ناسنامەی ئەو کەسانەی بە زمانێکی تر دەدوێن.

تا ئەوەندەی دواجار و لەم ڕۆمانە درێژەدا، بەرئەنجامی ترسناکی ئەم خەونەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و درێژ دەبێتەوە تاوەکوو ڕەهەندێکی سیاسی قووڵ لەخۆی دەگرێت.

دەکرێت خەونی کارەکتەر، خەونی دەیان کەسی تریش بن، وەک دواتر و لە بەشەکانی داهاتووی ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدەن، بەڵام لەبەر بوونی مەترسی لە ڕەهەندی سیاسی و مێژووییەکەیدا، نووسەر ناچار دەبێت لە ڕێگەی خەونەوە، ئاوات و ئارەزووی چەپێنراوی دەیان کەسێتی تری ناو کۆمەڵگەکە بنووسێتەوە، ئەمەش پێناسەی خەون بە دیدە فرۆیدییەکەی، تۆختر دەکاتەوە.

## ٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

لەم تەوەرەیەدا کە زیاتر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، دوو لەو ڕۆمانە گرنگانە وەردەگرین کە دەیانەوێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەونەوە، ئاوات و حەزێکی ناخی خۆیان بگێڕنەوە.

بێگومان خەونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، تا ئاستێکی زۆر خەون، یان حەزێکی تایبەتی و کەسێتییە، واتە کەمتر دەکەوێتە ژێر فاکتەر و هۆکارە سیاسی و مێژووییەکانەوە، بەڵکوو لە ئاستی کەسێتی ئەو کارەکتەرەدا دەمێنێتەوە کە خەونەکەی دیوە.

یەکێک لە گرنگترین گێڕانەوە ئەدەبییە کوردییەکان، ڕۆمانی (پایزەخەون)ی (محەمەد مەولوود مەم)ە. ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨٢ لە هەولێر بڵاو دەکرێتەوە.

نووسەر زۆر لێزان و کارامە، بە زمانێکی ئەدەبی و کورتبڕ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. خەونی کارەکتەرێک لە ڕۆژگارێکی سەختی ژیانی ئابووریدا.

محەمەد مەولوود مەم لەم ڕۆمانەدا خەونی (ڕەشید جەردە)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، پاش ئەوەی کە مووچەی مانگانە لە دامەزراوەکەیدا وەرناگرێت، لە ئێوارەیەکی درەنگوەختدا دەیەوێت بەرەو گوندەکەی خۆی، لە بناری شاخی سەفین، بگەڕێتەوە.

پاش ئەوەی بەسەر چەندان گوند و دەشت و دۆڵ و شاخدا بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، لە ڕێگەدا گوێی لە باعەی بزنێک دەبێت، کە لەو کاتەدا بەرەجەژنانە و دەسکەوتێکی لەم شێوەیە لە تەنگەی ئێوارەدا، مەگەر بەس لە خەوندا ڕوو بدات.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا هێزی ئەدەبیی خۆی زۆر بە جوانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەو ئاوات و حەز و خەیاڵانەی (ڕەشید جەردە) کە پێش گرتنی بزنەکە لە سەریدا چەخماخە لێ دەدەن، پاش سێ هەوڵ، دوایین جار دەتوانێت بزنەکە بگرێت و بەرەو ماڵ و بەدیهێنانی خەون و خوانێکی ڕازاوە بگەڕێتەوە، بەڵام لە ساتێکدا لە خەوە خۆشەکەی بێدار دەبێتەوە و خۆی لای سۆبایەکی دار و لەناو ژن و منداڵ و ماڵەکەیدا دەبینێتەوە.

پەنابردنی محەمەد مەولوود مەم بۆ گێڕانەوەی ئەم خەونە و نووسینی ئەم شاکارە کوردییە، جەخت لە ئارەزووی چەپێنراوی کەسێک دەکات، لە دۆخێکی ئابووری سەختدا، بیر لەوە دەکاتەوە دەسکەوتێکی دەست بکەوێت و سکی برسی خۆی و منداڵەکانی پێ تێر بکات.

ئەم شاکارە بێجگە لە گرنگییە مێژووییەکەی، لە ڕووی ئەدەبی و زمانی گێڕانەوەوە، یەکێکە لە گرنگترین ڕۆمانەکانی ناو دنیای ئەدەبی ئێمە.

یەکێکی تر لەو ڕۆمانە گرنگ و تازە چاپکراوانەی کە لێرەدا دەچینەوە سەری، ڕۆمانی (مردنی ماﻣۆستا عینایەت)ی نووسەر بەختیار عەلی- یە.

نووسەر هەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا، ڕووداوەکە دەردەخات و کۆی بنیادی ڕۆمانەکە لەسەر ئەم ستوونی گێڕانەوەیە دەنووسێت

"عینایـەت یووسـف کاتێـک بەیانـی لەخـەو هەسـتا....".

ئـەم ڕۆمانـەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتـی جیاوازتر لـە ڕۆمانـی یەکـەم دەردەخـات. (مامۆسـتا عینایـەت) فەرمانبەرێکـی پیـری نـاو دادگایـە، لـە ڕێگـەی خەونێکـەوە داواکارییەکـی سـەخت دەخاتـە ڕوو. داواکارییەکـی ئەسـتەم کـە سـەرەتا کـەم کەس هەیـە پێـی ڕازی بێـت، تەنانـەت ڕووداوەکانـی دواتـر دەبنـە هـۆی ئـەوەی چەنـدان بازنـەی تـری گێڕانەوە بـەدەوری خەونەکـەدا چـێ ببـن و ڕەهەنـدی تـری ئایینـی و سیاسـی بەخـۆوە بگرێـت.

لـێ بـە گشـتی ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتـی خەونـەکان وەک حـەز، یـان ئاواتێکـی ئەسـتەم بـۆ بەدیهاتـن دەبینرێـت، چونکـە کارەکتـەر پـاش خەونێـک لـە خـەو هەڵدەسـتێت و سـەرلەبەری ژیانـی بەهـۆی خەونێکـەوە دەگۆڕێـت. "عینایـەت یووسـف کاتێـک بەیانـی لەخـەو هەسـتا، دوای ئـەوەی وەک ڕۆژان دەم و چاوی شـت، بـە هێمنـی ڕووی لـە نەهاوەنـد خانـی ژنـی کـرد و گوتـی: نەهاوەنـد بڕوانـە، مـن ئیتـر ئـەو کەسـە زینـدووەی پێـش خەوتـن نیـم. شـەو لـە کاتـی نووسـتندا مـردم، ئێسـتا گیانـم لەدەسـت داوە و مـردووم"..... هەتـا پێنـج ڕۆژ مۆڵەتـم هەیـە، دەبێـت کەسـێک بدۆزمـەوە لـە بـری مـن بمرێـت". (بەختیـار عەلـی. لا ٧).

وەک لـە سـەرەتای بەشـی یەکـەم (ڕۆژی یەکەم)ـەوە دەردەکەوێت، ئـەم کارەکتـەرە بەهۆی خەونێکـەوە، دەیەوێـت کەسـێک بدۆزێتـەوە و لەبـری ئـەو بمرێـت.

بـەم شـێوەیە دەردەکەوێت زۆرجـار ئـەم جـۆری گێڕانەوەیـە بـە هـۆی خەونبینینـەوە، بەشـێک لـە گێڕانـەوەی ئەدەبیـی ئێمـە پێـک دەهێنێـت. پەنـا دەبرێتـە بـەر خەونـەکان بـۆ ئـەوەی دۆخـی نـاوەوەی کارەکتـەرەکان لـە ڕووی سیاسـی و مێژوویـی و کۆمەڵایەتییـەوە دەربخـات کـە ڕاسـتییەکەی، یـان خەونەکـە خەونێکـی مێژوویـی و سیاسـی کـردە و زۆرجـار بەهـۆی مەترسـی و هەڕەشـەکانەوە نووسـەران پەنـا دەبەنـە بـەر ئـەم جـۆری گێڕانەوەیـە، یـان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە و حەزێکـی تایبەتـی کارەکتەری نـاو گێڕانەوەکەیە.

**سەرچاوەکان:**


١. تفسـير الاحـلام. سـيغموند فرويـد، ترجمـة: مصطفـى صفـوان، دار المعـارف، مصـر، الطبعـة الثانيـة، ١٩٦٩ .

٢. نەسـت لـە دەروونشـیکاری فرۆیـد و لاکانـدا. ئانتۆنـی ئیسـتۆپ، وەرگێڕانـی: وەلیـد عومـەر، ناوەنـدی ڕەهەنـد، ٢٠١٩.

٢. چیرۆکـی هونـەری کـوردی. حسـێن عـارف، چاپـی یەکـەم، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد، ١٩٧٧.

٣. لـە خەومـا، جەمیـل سـائیب، پێشکەشـکردن و لێکۆڵینـەوەی جەمـال بابـان، بەغـدا، سـاڵی ١٩٧٥.

٤. داگیرکردنـی تاریکـی، بەختیـار عەلـی، ناوەنـدی ڕەهەنـد، ٢٠٢٠.

٥. پایزەخـەون، محەمـەد مەولـود مـەم، دار الحرية للطباعـة، هەولێر، ١٩٨٢.

٦. مردنـی مامۆسـتا عینایـەت، بەختیـار عەلـی، ناوەنـدی ڕەهەنـد، ٢٠٢٦.